به ناوی کوردستانی گەورە !

# بەربەندی هولاکۆ

ح . س. سۆران
soran909@hotmail. com

به داخەوە، بە زۆر دەلیل کەنامەوێ لێرەدا باسیان بکەم و برینە کۆنەکان بکولێنمەوە، وڵاتی کوردستان، هەمیشە جێی رمبازێن و شەڕناخێوی زوربەی گەلەکانی هاوسێ و بگرە دووروڵاتیش بوە . بەڵام جێگەی شانازی ئێمەیە، کەگەلی کورد قەت داگیرکەر، فاشیست و کۆلۆنیالیست نەبوە و بە قەولی کوردی، پای لە بەڕەی خۆی درێژتر نەکردوە و لەم بەستێنەدا، پلەیەکی مرۆڤایەتی هەرەبەرز و کەموێنەی هەیە.

لێرەدا، ئاماژە بە یەکێک لە ئەم داگیرکەرانە دەکەم، کە لە هۆزی مو غوول بوە. ئەم داگیرکەرە، کە ناوی هولاکۆخانە (1217-1265) ، بڕێک لە کوردستانی داگیر کردوە (رەنگە، ئەو کاتە ئویش فەرمووبێتی : کوردلە رەگەزی پاکی موغوولە – عەجایەبیشی نەوتوە – کاتێک کورد لە عەینی حاڵدا، لە رەگەزی پاکی فارس، ترک، عەرەب و ...یش بێ، کوا سە یروسەمەرەیە لە رەگەزی پاکی موغوولیش بێ؟ مەگەر موغوول شاخی هەیە و چی لەوانی دیکە کەمترە ؟.

هەروەک دەزانین، هولاکۆخان پایتەخی لە شاری مەراغە، لە ئازربایجانی ئەمڕۆی ئێران بوە و رەسەدخانە (OBSERVATORY) ی بە ناوبانگی مەراغەش، ئەو دروستی کردوە . لە کاتیکدا، لە مەراغە بوە، ویستویەتی ئاو بێنێ بۆ ئەوێ، چون هەرێمی مەراغە پێویستی بە ئاو بوە .

لەو کاتەدا، ناوچەگەلێکی زۆر لە کوردستان، لە ژێر رکێفی هولاکۆخاندا بوە، کە یەکێک لە ئەو ناوچانە، مەڵبەندی هەوشار بوە، کە دەکەوێتە نێوان تیکاب و ساینقەڵا . هولاکۆخان بۆ هێنانی ئاو بۆ شاری مەراغە، لە نوختەیەکدا کە دەکەوێتە نێوان گوندی گۆلچەرمووگ و زلفیلە لە ناوچەی هەوشار، بەربەندێکی لە سەر چۆمی جەغەتو (زرینە رود) دروستکردوە، بە ناوی بەربەندی هولاکو و ئاوەکەی لە وێوە بە جۆگە و کانالێ ئاسایی بردوەتە مەراغە . ئیستاش، شوێنەواری ئەو کانالکێشیە هەر ماوە (بۆ وێنە بە قەدپالێ کێوی قلیچقایەوە، لە خاکی گوندی گۆلچەرمووگ، لە ناوچەی ساینقەڵای هەوشار، کە هێشتا هەر پێی دەڵێن بەربەندی هۆلاکۆ) ، بەڵام بەبەندەکە دەمێکە رووخاوە .

بەیتی کەڵ و شێر کە بەیتێکی رەسەنی کوردیە، لە سەر بەردە نووس (کەتیبە) یێک، لە قەراغی کانالێ ئاوی ئەم بەبەندە، لە دێی دەلمە، لە نزێکی شاری میاندواو، نووسراوە، کە پێویستە زۆر تر لەم بەیت و بەردە نووسە بکۆڵرێتەوە .

جێگەی سەرنجە، کە نزیکەی 700 ساڵ پاش ئەوەش (1936) ، عەلینەقیخانی ئەفشار (یەمین لەشکر) ، کە خاوەنمڵکێکی زۆر دەسترۆیوی غەیرە کورد بوە، هەر لەم جێگەیەدا، ویستویەتی بەربەندێک لە سەر چۆمی جەغەتو دروست بکا و ئاوەکەی بەرێ بۆ برێک ناوچە غەیرە کوردنشینەکان، کە یەکێک لە پیاوانی مەزنی کورد، ئەم گەڵاڵەیەی تێک داوە، بەربەندەکەی رووخاندوە و وتوویەتی: ئاوی چۆمی کوردستان، دەبێ بۆ ئاوداشتنی خاکی کوردستان بەکاربرێ، نەک وڵاتی کورد خاپوور بکرێ، بۆ ئاوەدانکرنەوەی خاکی بیانی. دەڵێن کاتێک ئەو پیاوە مەزنە کوردە دەستووری رووخاندنی بەبەندەکەی دا، کاگەرەکان کە زوربەیان

کوردبوون و به بێگاری کاریان پێ دەکردن، دەنگیان دا دەنگی یەک و وتیان : ئای لەو کەڵە، ئەم کەڵەی رمان!

دیسان، نزیکەی ساڵی 1974 ی زاینیش، دەوڵەتی شا، بەربەندێکی هەر لەم نوختەیە دروستکردوە، کە زوربەی ئاوەکەی دەچێ بۆ میاندواو، مەراغە، تەورێز و ئەوانە . ئەم بەربەندە، لە زەمانی شادا، ناوی بەربەندی کوورووشی کەبیر! بو، بەڵام ئێستا ناویان ناوە بەربەندی شەهید کازمی ؟.

هۆی ئەمەی، کەتا ئێستا سێ جار هەر لە ئەم نوختەیەدا، دەستی غەیرە کورد بەربەندیان دروستکردوە، ئەمانە بوە :

-لە روانگەی جیۆتێکنیکەوە : جیگەکە ئەملاولای شاخە و لێرەدا زۆر دەراوی چۆمەکە چکۆلە دەبێتەوە، کە خەرج و زەحمەتی بەربەندسازیەکە، کەم دەکاتەوە .

-لە روانگەی رامیاریەوە : دەبێ هۆنراوەکانی ماموەستا ئەحمەدی خانی بخوێنیتەوە. کە دەفەرموێ :

ئەکەر ئێمەش
پادشا و دەوڵەتێکمان ببوایە ...

ئێستاش چەرخی رەورەوەی کات هەر وا دەسوورێتەوە، بۆیە لەم هۆنراوەیەدا وتومە :

سەددەکەی بوکان و دوکان ئاوی دو چاوی منن
بەم سوروشکە خاکی خەڵکی پر گوڵ و نەسرین ئەکەم
بەینی بە ستووین وکو سەد تیغی دیواری سنوور
ئارەزوی رووخانی تیغەی دووهمی بێرلین ئەکەم
تاکو چارەی خۆ نەنووسم، ماڵێ سەربەستم نەبێ
باسی ئەنفال و هەڵەبجە و حەبس و هەڵواسین ئەکەم

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.